# الحداثة ومعطياتها ودورها في حبكة رواية (لعنة الربيع)

هاوزين ستار شمس الدين محمد

Hawzhenjabary8@gmail.com

قسم اللغة كوردية، كلية التربية، جامعة جرمو، اقليم كردستان–عراق

ا. م. د. احمد محمد رشيد

Ahmad.mira@Uoh.edu.iq

قسم اللغة كوردية، كلية التربية شارزوور، جامعة هلبجه، اقليم كردستان–عراق

الكلمات المفتاحية: بختيار علي، الحداثة، الشرف، جسد المرأة

كيفية اقتباس البحث

محمد , هاوزين ستار شمس الدين , احمد محمد رشيد , الحداثة ومعطياتها ودورها في حبكة رواية (لعنة الربيع),مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آيار ٢٠٢٦, المجلد:١٦ ,العدد:٥ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

Registered مسجلة في ROAD

Indexed مفهرسة في IASJ

# Modernity and its tools, their role in the weaving of the novel (The Curse .(of Spring

HAWZHIN STAR SHAMSALDEEN

Hawzhenjabary8@gmail.com

Kurdish Department,college of education,charmo university

AHMED MOHAMMED RASHEED MEERA

Ahmad.mira@Uoh.edu.iq

Kurdish Department,college of education sharazur ,hallabja university

**Keywords** : Bakhtiar Ali, Modernity, Honor, Body of a Woman

**How To Cite This Article**

SHAMSALDEEN ,HAWZHIN STAR ,AHMED MOHAMMED RASHEED MEERA ,Modernity and its tools, their role in the weaving of the novel (The Curse of Spring). ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, May 2026,Volume:16,Issue 5.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

Abstract

This research is about (Modernity and it's giving the role in the novel "Curse in the Spring") The term modernity is somewhat new to Kurdish writers like many scientific and philosophical terms, it is taken from other nations and used. This has created a kind of misunderstanding and confusion with each of the terms such as (modernity and modernism). The concept has been defined from several different perspectives, and the origins of the term in literature have been pointed out. This is the relationship between modernity and the novel. Bakhtiar Ali's worldview about the consequences of modernity on Kurdish society is presented in many ways, based on his experience with modernity. Bakhtiar Ali has not hidden the dangers that the Kurdish society and individuals face as a result of modernity, he considers it his duty to inform the society on the

way of his novel. The influence of modernity on the motifs in his novel is also presented. The method considered appropriate and used in conducting this study is the analytical praise method. This method is mostly used in research that is related to the literary aspect. In it, the researcher takes the texts and analyzes and interprets them from various .aspects

Structure of the research: This research consists of two parts: the first part is theoretical and consists of two themes. The first theme presents concepts and terms. The second theme points to the relationship between modernity and literature; The second part consists of two topics: The first topic discusses the motif in Bakhtiar Ali's novel, the second topic discusses the role of modernity in the novel Neferti Nawbaharan.

## الملخص

تتناول هذه الدراسة موضوع "الحداثة ومعطياتها ودورها في بناء رواية لعنة الربيع"، حيث يُعد مصطلح الحداثة مصطلحاً حديثاً نسبياً لدى الكتّاب الكورد، شأنه شأن العديد من المصطلحات العلمية والفلسفية المستعارة من الشعوب الأخرى، مما أدى إلى نوع من سوء الفهم والخلط مع كل من المصطلحات الأخرى مثل (الحديث والحداثية). وقد تم الدراسة هنا بدقة بالغة على المقصود من استخدام المصطلح وإبراز الفروق بينها، كما تم تعريف هذا المفهوم من عدة جوانب مختلفة. كذلك تمت الإشارة إلى بدايات ظهور هذا المصطلح في الأدب وإبراز العلاقة الموجودة بين (الحداثة والرواية). كما تم عرض رؤية بختيار علي حول تأثيرات الحداثة على المجتمع الكردي من جوانب متعددة، وذلك استناداً إلى تجربته المتعلقة بالحداثة. لم يخفِ بختيار علي تلك المخاطر التي يواجهها المجتمع والفرد الكوردي نتيجة للحداثة، ويعتبر من واجبه تنبيه المجتمع إليها. كما تم عرض تأثير الحداثة على دوافع الرواية من خلال روايته. المنهج المُعتمد في هذه الدراسة هو المنهج التحليلي، وهو منهج شائع في البحث الأدبي. يقوم الباحث في هذا المنهج بتحليل النصوص وتفسيرها من جوانب متعددة.هيكل البحث: يتألف هذا البحث من جزأين: الأول نظري، ويتضمن موضوعين رئيسيين. يُعرّف الموضوع الأول المفاهيم والمصطلحات، بينما يُشير الموضوع الثاني إلى العلاقة بين الحداثة والأدب. أما الجزء الثاني، فيتضمن موضوعين فرعيين: الأول يُناقش الفكرة المحورية في رواية بختيار علي، والثاني يُناقش دور الحداثة في رواية نفرت نوبهاران.

# مۆدێرنیته و پێراوەکانی، ڕۆڵیان لە چنینی ڕۆمانی (نەفرەتی نەوبەهاران)دا

هاوژین ستار شمس الدين
بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی چەرموو- هەرێمی کوردستان-عێراق
Hawzhenjabary8@gmail.com
پ. ی. د. ئەحمەد محمد ڕەشید میرە
بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی شارەزوور، زانکۆی هەڵەبجە- هەرێمی کوردستان-عێراق
Ahmad.mira@Uoh.edu.iq

پوختە

ئەم توێژینەوەیە تایبەتە بە (مۆدێرنیتە و پێدراوەکانی ڕۆڵیان لە چنینی ڕۆمانی نەفرەتی نەوبەهاران)دا، زاراوەی مۆدێرنیتە تارادەیەک زاراوەیەکی تازەیە لای نووسەرانی کورد وەکو زۆرێک لە زاراوە زانستی و فەلسەفییەکان لە گەلانی ترەوە وەرگیراوە، ئەمەش وایکردووە جۆرێک لە تێنەگەیشتن و تێکەڵیەک دروست ببێت لەگەڵ هەر یەک لە زاراوەکانی تری وەکو (مۆدێرنە و مۆدێرنیزم). لێرەدا زۆر بەوردی کار لەسەر مەبەستی بەکارهێنانی زاراوەکە کراوەو جیاوازی نێوایان خراوەتەڕوو، لە چەندین ڕەهەندی جیاوازەوە پێناسەی ئەم چەمکە کراوە. هەروەها ئاماژە بە سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم زاراوەیە لە ئەدەبدا کراوە و ئەو پەیوەندییە خراوەتەڕوو، کە لەنێوان (مۆدێرنیتە و ڕۆمان)دا هەیە. هەروەها جیهانبینی بەختیار عەلی دەربارەی لێکەوتەکانی مۆدێرنیتە لەسەر کۆمەڵگەی کوردی لە زۆر لایەنەوە خراوەتەڕوو ئەمەش بە پشت بەستن بەو ئەزموونەی دەربارەی مۆدێرنیتە هەیەتی. بەختیار عەلی ئەو مەترسیانەی نەشاردووەتەوە کە لە ئەنجامی مۆدێرنیتەوە ڕووبەڕووی کۆمەڵگە و تاکی کورد دەبێتەوە، بە ئەرکی خۆی دەزانێت کۆمەڵگەی لێ ئاگادار بکاتەوە. لە ڕێگەی ڕۆمانەکەیەوە هەروەها کاریگەری مۆدێرنیتە لەسەر مۆتیفەکانی ناو ڕۆمانەکە خراوەتەڕوو.

کلیلە وشە: (بەختیار عەلی، مۆدێرنیتە، شەرەف، جەستەی ژن).

پێشەکی:

زاراوەی مۆدێرنیتە لە دوای ڕێنیسانس دەرکەوتووە بە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و شارستانیەت و شۆڕشی پیشەسازیدا ڕەگی خۆی داکووتاوە. دەتوانرێت بوترێت مۆدێرنیتە بەرهەمی سەردەمی ڕۆشنگەرییە سەرەتا لەنێو فەلسەفە دواتر بۆ لایەنەکانی دیکەی ژیان گوازراوەتەوە. مۆدێرنیتە واتای سەرهەڵدانی بیری جیاواز دەربارەی دابونەریت و ئاین و پیرۆزییەکان و ئایدۆلۆژیای باو بووە لە کۆمەڵگەدا و هەوڵی بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگە و بەدەستهێنانی ئازادی بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی دەدات. مرۆڤەکان ناچار دەکات کەلەسەر بنەمای عەقڵ و لۆژیک بڕیار دەربارەی کاروبارەکانی ژیانیان بدەن. بێگومان ئەمەش دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی چەندین لێکەوتەی نەرێنی بەتایبەت لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا، چونکە تاکەکانی بەزووی دەستبەرداری ئەو بیرە خێڵەکی و ئاینییە نابن، کە لەسەری پەروەردە کراون. بەختیار عەلی؛ کە ڕۆشنبیرو ڕۆماننووسێکی بەتوانایە هەموو کارەکانی جێگەی بایەخە، دەتوانرێت لە چەندین ڕەهەندەوە توێژینەوەی لەسەرئەنجام بدرێت. لە زۆر لایەن و بابەتی جیاوازەوە لە ڕۆمانی نەفرەتی نەوبەهاراندا جیهانبینی خۆی دەربارەی ئەو دۆخەی کۆمەڵگەی ڕۆژهەلاتی بە گشتی و کۆمەڵگەی کوردی بەتایبەتی دەخاتەڕوو، کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە لە ئەنجامی بەرەوپێشچوونی تەکنەلۆژیا و سەرهەڵدانی بیری مۆدێرنیتی و بەگژداچونەوەی لە لایەن کەسانی ئاینی و نەریت



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ / المجلد ١٦ / العدد ٥

پارێزەوە، کە ئەمەش دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی چەندین لێکەوتەی نەرێنی لە کایە جیاوازەکانی ژیان وەکو (لایەنی ئاینی، لایەنی سیاسی، لایەنی کۆمەڵایەتی، لایەنی دەروونی و...هتد). باس لەو مەترسیانە دەکات، کە ڕووبەڕووی کۆمەڵگا دەبێتەوە لە چوارچێوەی مۆتیڤی شەرەفدا چەندین ڕێگە چارەی جیاواز دەخاتەروو بۆ هۆشیارکردنەوەی تاکەکان دەربارەی ئەم پرسە پێیوایە، کە دەبێت بەوریاییەوە مامەڵە لەگەڵ دۆخەکەدا بکرێت. لەو ڕووەوە ئەرکی زۆریش دەکەوێتە سەر بیرمەندان و ڕۆشنبیران و ئەدیبان.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** ئەو میتۆدەی کە بە گونجاو زانراوەو بەکارهێنراوە لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیەدا (میتۆدی پەسنی شیکاری)یە. ئەم میتۆدە زۆرتر لەو توێژینەوانەدا بەکاردەهێنرێت، کە پەیوەستە بە لایەنی ئەدەبی. تێیدا توێژەر دەقەکان وەردەگرێت و لە چەندین لایەنەوە شیکاری و لێدانەوەی بۆ دەکات.

پێکهاتەی توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەش پێکدێت: بەشی یەکەم تیۆرییە لە دوو تەوەر پێکدێت، لە تەوەری یەکەمدا چەمک و زاراوەکان خراوەتەڕوو، لە تەوەری دووەمدا ئاماژە بە پەیوەندی نێوان مۆدێرنیتە و ئەدەب کراوە؛ بەشی دووەم پێکدێت لە: دوو تەوەر لە تەورەی یەکەمدا باس لە مۆتیڤ لە ڕۆمانی بەختیار عەلی دا کراوە، لە تەوەری دووەمدا ڕۆڵی مۆدێرنیتە لە چنینی ڕۆمانی نەفرەتی نەوبەهاراندا باسکراوە.

بەشی یەکەم

تەوەری یەکەم: ناساندنی چەند چەمک و زاراوەیەک

یەکەم: زاراوەی مۆدێرنیتە:

ئەم زاراوەیە، کە پەیوەستە بەزۆربەی بوارەکانی ژیانی مرۆڤایەتی جێگەی خۆی لەناو هەموو گەلانی جیهاندا کردووەتەوە؛ هەر گەل و زاراوەی تایبەت بەخۆی بۆ دەست نیشان کردووە. دیدی جیاواز لە ڕوانگەی واتاناسی و سینتاکسی و ئێتیمۆلۆژی و زمانەوانییەوە بەیان کردوە، کە لە "ڕوانگەی ئێتیمۆلۆژی و زمانەوانییەوە، ئەم زاراوەیە لە زمانی ئینگلیزیدا دەگەڕێتەوە بۆ سەر وشەکانی (MODE) و (FASHION)"[1]. هەروەها (د. موحسین ئەحمەد عومەر)، زاراوەکە دەگەڕێنێتەوە بۆ لاتینی ئاماژە بەوەدەکات: "وشەی مۆدێنیتە لە زمانی تینیدا بەم شێوەیە (MODERNITY_MODERNITE=نوێیەتی) بەواتای نوێیەتی دێت"[2]. وشەکە لەنێوعەرەبی لە زمانەکەیاندا "(احداث)ی بۆ بەکارهاتووە، کە سەرچاوەی وشەکە لە کرداری ڕوودواوەوە دێت، بە مانای ڕوودانی شتێک دێت کە ڕوو دەدات و ڕووی داوە...لە کاتێکدا کە پێشتر نەبووە"[3]. فارسەکانیش (مدرینتە) بەکاردەهێنن؛ لای کوردیش زاراوەکە بە واتای (هەنوکە) دێت؛ کە بە مانای (لەمرۆی وهاوچەرخ)یشدا ڕاڤەکراوە.

دووەم: چەمکی مۆدێرنیتە:

ئەم چەمکە بە چەندین شێوە لەلایەن نووسەران و فەیلەسووفان پێناسە کراوە، کە لێرەدا ئاماژە بە چەند پێناسەیەکی دەدرێت: "مۆدێرنیتە وەک پرۆژەیەکی فەلسەفی و هزری هەموو کەلێن و قوژبنەکانی ژیانی تەنیوە"[4]. لەم پێناسەوە ئەوە دەردەکەوێت کە یەکەم جار مۆدێرنیتە لە ناو فەلسەفەوە سەری هەڵداوە؛ دواتر گواستراوەتەوە بۆ لایەنەکانی تری ژیانی مرۆڤایەتی، "فۆکۆ زۆر بە تامەزرۆیە بۆ جەخت کردنەوە لەوەی، کە بە لای کانت و بە لای خۆیشیەوە، مۆدێرنیتی تێڕوانینێکە نەک ماوەیەکی مێژوویی، تێڕوانینێکی ڕەخنەییانەیە بۆ ئێستا"[1]. واتا مۆدێرنیتە گرنگی بەڕابردوو نادات؛ بەڵکو ئەوەی بۆی گرنگە ئێستایە یاخود ئێستا و داهاتوو کە ئەمەش بەشێکە لە تایبەتمەندی فەیلەسوفەکان کە پێشبینی ڕووداوەکانی داهاتوو دەکەن،

کۆمەڵگەی لێ ئاگادار دەکەنەوە. هەروەها پەیوەندی مۆدێرنیتە و ڕەخنە دەردەخات واتە بەرپەرچدانەوەی ئەوەی کە ئێستا ئەگوزەرێ بەشێوەیەکی ڕەخنە ئامێز. بۆدلێر؛ کە ئەدیبێکی فەرەنسیە لەبارەی مۆدێرنیتەوە دەڵێت: "مۆدێرنیتی واتە هەست و جیهانی نەگیراو سرک، ڕاگوزەر، دەشێت هەبێت و نەبێت، نیوەی هونەرە و نیوەکەی دی نەمر و جێگیرە"[2]. مۆدێرنیتە پەیوەست دەکات بە هونەر، کە هەست سەرچاوەکی سەرەکییە و ڕێگری لێناکرێت. بەشێک لە بابەتەکانی مۆدێرنیتە پەیوەندیان بە هونەرەوە هەیە مەرج نییە لە واقیعدا بوونیان هەبێت بەڵکو ئەوە ئەدیب خۆیەتی، کە بەهۆی هەستەکانیەوە دروستی دەکات و بەشێک لە ڕوداوەکان بوونیان هەیە و تەنانەت بۆ هەمیشەی بە نەمری دەمێننەوە.

مۆدێرنیتی؛ بریتیەلە هەوڵدان بۆ بە سەنتەرکردنی مرۆڤ بە تایبەت عەقڵی مرۆیی لە سەرجەم کایە و مەجال و بوارەکاندا لە ئاین و سروشتەوە بیگرە هەتا پرسە ئابوریی و زانستیەکان"[3]. بابەتی مۆدێرنیتە عەقڵ گەراییە، ئایدۆلۆژیای مرۆڤ گرنگترین شتە دەربارەی بابەت و ڕووداوەکان مرۆڤ بەسەر هەموو بوارەکانی جیهان و سروشتدا زاڵ دەکات و پێی وایە دەبێت هەموو بوون لە خزمەتیدا بێت. ئەمەش پەیوەستە بە تواناکانی مرۆڤەوە.

ڕەخنەگرێکی وەکو هابرماس مۆدێرنیتە بۆ دوو بازنە دابەش دەکات و دەڵێت: "مۆدێرنیتە دابڕانە لەنێوان بازنەی ژیانی تایبەتی و ژیانی گشتییدا. بازنەی ژیانی گشتی لەمیانەی بەکارهێنانی ئازادانەی عەقڵەوە و بازنەی تایبەتیش لەمیانەی بەکارهێنانی خودی عەقڵەوە سەرچاوە دەگرێت"[4]. لێرەدا هەر عەقڵی مرۆڤ گرنگی پێدەدرێت، کە ئایا تا چەند لەناو کۆمەڵگە تاک ئازادە لە بەکارهێنانی ئەو ڕاوبۆچوونانەی لێوەی وەر دەگیرێت و کاریگەری لەسەر چواردەوری دروست دەکات. هەروەها ڕادەی پەیوەستی تاک بە کۆمەڵ دیاری دەکات، کە هەندێک کات بە تەواوی بەرپەرچی ویست و ئایدیا جیاوازەکان دەداتەوە، بەتایبەت لەو بوارانەی تازەن لەنێو کۆمەڵگە، کە ئەمەش زۆرجار ڕوداوی گەورە و نەرێنی لێدەکەوێتەوە. هەروەها بازنەی دووەم پەیوەستە بە توانای تاک، کە تا چەندە خاوەن عەقڵێکی داهێنەرانەیە، کە بتوانێت بوونی خۆی بسەلمێنێت و بەسەر بەربەستەکاندا سەرکەوێت، کە دێنە پێشی و کاریگەری لەناو کۆمەڵگەدا دیاری بکات. بێگومان کەمن ئەو کەسانەی لەڕێگەی عەقڵەوە بوونی خۆیان دەسەلمێنن و دەبنە کەسێک کە بەشێکی زۆری تاکەکانی کۆمەڵگە باوەڕپێبێنن لەسەر بابەتە جیاوازەکانی پەیوەست بە ژیان.

سێیەم: مۆتیف چیە؟

ئەم زاراوەیە لە (Motive)ی ئەڵمانی و (Motif)ی فەرەنسی و (Moveo)ی لاتینیەوە هاتووە... بۆ یەکەمجار لەلایەن (گۆتە)ی ئەڵمانی لە بواری ئەدەبدا بەکارهاتووە پەیوەست بە تێکستە ئەدەبییەکان). ئەم زاراوەش وەکو زۆربەی زاراوە ئەدەبی و هونەرییەکان دەگەڕێتەوە بۆ بۆ لای لاتینەکان، کە بۆ بابەتی مۆسیقی بەکاریان دەهێنا. بەواتا (جوڵان) بەڵام لەناو ئەدەبدا بووە بە ڕەگەزی نووسینەکان، بە تایبەت بۆ بواری (چیرۆک و ڕۆمان). "مۆتیف بابەتێکی سەرەکییە لە ئەدەبی وڵاتێک یان کەسێک یاخود لە کۆی بەرهەمێکی تایبەتیدا؛ مۆتیف هەم دەتوانێت لەمانادا خۆی ببینێتەوە هەمیش لە وشەدا"[1]. کەواتە دەکرێت مۆتیف تایبەت بێت بەو بابەتانەی، کە نووسەرێک لە بەرهەمێکیدا یان کۆی بەرهەمەکانیدا جەختی لەسەر دەکاتەوە، یاخود دەکرێت بەو وشەیە یانژی وشانە بوترێت کە لە کۆی بەرهەمی نووسەرێکدا بەکاردەهێنرێت، کە ڕەنگە هەندێ کات بۆ گەیاندنی پەیامێک بێت یاخود بۆ مەبەستی جوانکاری ئەدەبی بەکاربهێنرێت لەلایەن نووسەرانەوە.

تەوەری دووەم: پەیوەندی نێوان مۆدێرنیتە و ئەدەب:

ڕۆماننووس لەسەردەمی مۆدێرنیتیدا ڕاستیەکان ناشارێتەوە بەڵکو بەوپەڕی توانای بەدوای ئاشکراکردنی ڕاستیەکانەوەیە ڕووداوەکان وەکو ئەوەی کە هەیە لە ڕێگەی گێڕانەوەوە دەخاتەڕوو و گرنگیەکی زۆر بەو کاتە و زەمەنە دەدرێت، کە تێیدایە، چونکە کات لە دنیای مۆدێرندا گرنگیەکی زۆری پێدەدرێت. پێویستە ڕۆماننووسان لە ڕێگەی ڕۆمانەکانیانەوە گرنگی کات پیشانبدەن تاوەکو کۆمەڵگە لەو ڕووداو و پێشکەوتنانەی هەیە ئاگادار بێت بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی قەیران نەبێتەوە. ئەم کارانەش لە ڕێگەی کارەکتەرەکانەوە دەگات بە ئامانج چونکە "دروستکردنی کارەکتەرەکان بە ئاڕاستەی جیاجیا زیاتر لە ڕێگای ئەکتیف کردنیانەوە دەبێت بە پلەی جیاجیا یان خستنەڕووی هۆکارەکانی ئەکتیف نەبوون، کە خوێنەر زیاتر لە ڕێگەی هەڵسوکەوتەکانەوە هەستی پێدەکات[1]. کاتێک ڕۆماننووس لە ڕێگەی کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکەیەوە ڕووداوەکان بەشێوەیەکی جیاواز دەگەڕێتەوە تاوەکو کاریگەری زیاتر دروست بکات لەسەر خوێنەر یاخود فرە دەنگی کارەکتەرەکان لەناو ڕۆمانەکاندا بەرامبەر ڕووداوەکان، کەلتور و ئاین دروست دەکات، کە هۆکار دەبێت بۆ دروستکردنی پرسیاری جۆراوجۆر لە لای تاکی خوێنەر ئەمەش دەبێتەهۆی دروست بوونی بیری مۆدێرنیتی لەلای خوێنەری ڕۆمان، کە لە کۆتایدا دەبێتەهۆی دروست بوونی گۆڕانکاری لەسەرجەم ئەو بوارو لایەنانەی ژیانی تاک و کۆمەڵگەدا.

لەگەڵ بڵاوبوونەوە و گەشەکردنی تەکنەلۆژیادا بەشێوەیەکی بەرچاو، کە تەواوی ژیانی مرۆڤایەتی تەنیوەو بۆ شایەکی ڕوحی لە ناخی مرۆڤەکاندا دروست کردووە و هەموو شتەکان بەپێی عەقڵ بڕیاریان لەسەر دەدات نەک هەست و سۆز. لێرەدا بەشێک لە بیرمەندان ئەو خواست و ئومێدەی کە بە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا هەیانبوو نەیانما گەڕانەوە بۆ گرنگیدان بە هونەر بەگشتی. بەشێک لە بیرمەندانی (قوتابخانەی فرانکفۆرت) پێیان وایە "لەم جیهانە بەشتبووەدا لەژێر کۆنترۆڵی تەکنەلۆژیا و پارەو دەسەڵاتدا، ڕەنگە هونەر بتوانێ کلاوڕۆژنەیەکی ڕەهای خواستە ڕاستەقینەکانی مرۆڤمان بەڕوودا بکاتەوە[2]. ئەمەش وایکرد، "لەپاش ئەوەی مۆدێرنیتە بووە ڕاستی ژیان...هونەر و شێوازەکانی بەرهەمهێنانی هونەری گۆڕانکاریان بەسەردا هات ئەمەش بەخێرایی بوونە هۆی گۆڕینی پێگەی هونەر لە کۆمەڵگەدا"[3]. لەدوای سەرهەڵدانی مۆدێرنیتە گرنگیەکی زۆر بە هونەر بەگشتی و ژانری ڕۆمان بە تایبەتی دراوە، چونکە وەکو پێویستیەکی کۆمەڵایەتی سەیر کراوە. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ڕۆماننووسان بە ئەرکی خۆیان دەزانی لە ڕێگەی ڕۆمانەکانیانەوە هۆشیاری کۆمەڵایەتی بڵاو بکەنەوە، چەندین ڕێگە چارەسەری جیاواز بۆ گرفتەکانی تاک بخەنەڕوو، کە بەدەستیانەوە دەناڵێنن. بەهۆی بەریەک کەوتنی بیریێکی کۆن و خێڵاکی و نەریت پارێز و باڵا دەستی پیاوانی ئاینی، لە دنیای مۆدێرندا، کە بووە هۆی سەرهەڵدانی بیری مۆدێرنیتی و زۆرێک لە کۆمەڵگەکانی جیهان ڕووبەڕووی کێشەی گەورە بوونەوە. لێرەدا ڕۆمان گرنگیەکی زۆری پەیداکرد، کە زۆر کات ئەم ژانرە بە بەرهەمی دنیای مۆدێرن سەیر دەکرێت؛ خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەیدا بە قووڵی ڕۆدەچێت و بە دوای ئارامی ڕوحیدا دەگەڕێت. مۆدێرنیتی هەوڵی داوە لەڕێگەی ڕۆمانەوە، کە مەودایەکی فراوان لەبەردەم نووسەردا دەکاتەوە بۆ دەربڕینی بۆچوونەکانی لەڕێگەی زمانی کارەکتەرەکانەوە ڕای خۆی دەربڕێت و زیاتر بچێتە نێو کێشەکانی کۆمەڵگە و ڕێگە چارەی زیاتر بۆ کێشەکانیان دیاری بکات. ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێت کە "کاری هونەری ڕۆمان بانگێشتە بۆ گۆڕانکاری نەک ئەنجام، واتا بەرهەمی هونەری ناچارە تێکبڕوخێنێ بۆ ئەوەی


Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)
مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

نیشانمان بدات، کە حەقیقەت لە کوێ دایە"[1]. لێرەدا ئامانجی هاوبەشی نێوان ڕۆمان و مۆدێرنیتە دەردەکەوێت، بەوەی هەردووکیان کار لە ناخی مرۆڤەکان دەکەن هەوڵی جوڵاندنی هزریان دەدەن بەدوای گۆڕانکاریەوەن بە شێوەیەک لە هزردا نەک ڕووکەش. دەیەوێت مرۆڤ بەسەر ئەو ئایدۆلۆژیایەی، کە ژیانی لەسەر بوونیاد نراوە بگۆڕێت؛ گۆڕانکاریەکان لە ناخی خۆیانەوە دەست پێبکات بەسەر خودی خۆیاندا زاڵببێت و توانای قبوڵکردنی گۆڕانکارییەکانیان هەبێت و گونجانێک لەنێوان کۆن و نوێدا دروست بکەن. تاوەکو بە تەواوی تووشی شکستی دەروونی نەبن. ئامانجی مۆدێرنیتەش ئەوەیە کە هێزی بە گژداچوونەوە لە ناخی تاکدا دروست بکات و هانیان بدات بەدوای ڕاستییەکاندا بگەڕێن و ملکەچی دەرنەبڕن بەردەوام یاخیبن. دەکرێت ئەو شتانەی کە بوونە بە یاسا و ڕێچکەی ژیانیانی داگیرکردووە گۆڕانکاریان بەسەردا بێت بەو شێوازەی کە لە بەرژەوەندی ئەواندایە دابڕێژرێتەوە، ئەمەش لە ڕێگەی بەکارهێنانی توانا و زانیارییەوە دەبێت تاک لە هەوڵدا بێت بۆ دروستکردنی ژیانێکی نوێ بە پشت بەستن بە عەقڵگەرایی بەو واتایەی "بریتیە لەو ڕێچکەیەی، کە پێی وایە دەتوانین بگەین بە ڕاستی دەربارەی جیهان بە بەکارهێنانی بە تەنها و بەبێ یارمەتی درکپێکردنی هەستەکی"[1]. واتا مرۆڤەکان دەتوانن بە پشت بەستن بە ئاوەزوو بەبێ گەڕانەوە بۆ نەریت و ئاین بڕیار بدەن لەسەر ژیانی خۆیان بەشێوەیەکی وا کە لە بەرژەوەندییاندا بێت. دەکرێن بڵێین "لەو ڕوانگەیەوە دەقی ئەدەبی بەرهەمی مرۆڤە. مرۆڤیش لە سەردەمی نوێدا، پێویستی بە هیچ بەهایەکی پێشینەی لەسەر بڕیار لێدراو نییە"[2]. هەروەها "ئەدەب جا لە هەر ئاست و بوارێکدا بوو بێت، کاری تۆمارکردنی ڕووداوەکان نەبووە، ئەوەندەی بە شوێن پرسیار و وەڵامە سەختەکانی مرۆڤەکاندا گەڕاوە، کە پرسیاری وجودی ئینسانە، ئەگەرچی بە شێوەیەکی پەنهان زۆر ڕووداوی مێژوویشی لەخۆیدا حەشاردابێت"[3]. واتا ئەدەب تەنها ئەو ڕووداوانەی، کە ڕوویانداوە نایگێڕێتەوە، بەڵکو خۆی دەبێتەهۆی دروستبوونی ڕووداوی گەورە و هەوڵدەدات وەڵامی سەرجەم ئەو پرسیارانە بداتەوە، کە لە مێشکی تاکدا بەرامبەر بوون و کۆمەڵگە و نەریت و یاسا و گەردون دروست بوون.

ڕۆماننووس دەتوانێت کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو بۆ کارەکتەرەکان دروست بکات تواناکانیان بۆ سەرکەوتن بەسەر کێشەکاندا دیاری بکات. کەواتە ڕۆمان بە گشتی کاریگەری گەورە لەسەر کۆمەڵگە بەجێدەهێڵێت، بە تایبەت ڕۆمانی کۆمەڵایەتی، چونکە "ڕۆمانی کۆمەڵایەتی ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە داڕشتنی هۆشیاری کەلتوریدا. ڕۆمانەکان شیکارییەکی قووڵ بۆ گۆڕانکارییە کەلتورییەکان و کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکان دەخەنەڕوو و یارمەتی دەرە لە گواستنەوەی خوێنەر بۆ ئەزموونە نوێیەکان و دروستکردنی تێگەیشتنێکی قووڵ لە بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکان"دا[4]. لەم جۆرە ڕۆمانانەدا جۆرە هەڵسەنگاندنێک بۆ کۆمەڵگە و کەلتوری کۆمەڵایەتی دەکرێت لایەنە باش و خراپەکانی دەخرێتەڕوو دوای بە گژداچوونەوەی ئەو کەلتورانە دەکرێت، زیان لە بەرژەوەندییەکانی تاک دەدەن لە کۆمەڵگەدا وە پەیوەستە بە چین و لایەنێکی دیاری کراوەوە. ئەمەش جۆرە بەرچاو ڕوونیەک بە تاک دەدات، کە وادەکات مرۆڤەکان لە ژیانی ئاسایی خۆیاندا سوودی لێوەربگرن بۆ نموونە گەر سەرنج بدەینە ڕۆمانی "(ئیلیۆ ئیزی نوێ) قارەمانی گەنجی ناو ڕۆمانەکە سەن پرۆ بۆ دۆزینەوەی جیهانێکی نوێ لە گوندەوە بۆ شار کۆچ دەکات...ئەو لە قوڵایی گێژەڵۆکەی ژیانەوە نامەیەک بۆ دڵدارەکەی خۆی؛ ژۆلی دەنووسێت"[1]. کۆچکردن بە مەبەستی پەیداکردنی کار لە گوندەکانەوە بۆ شارەکان بۆ ئەو ناوچانەی، کە کاریان تێدا زۆرە لە سەردەمی پیشەسازی یەکێک بووە لە هۆکارەکانی مۆدێرنیتە،


مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

كە لەم ڕۆمانەدا بەدی دەكرێت. هەروەها ئەو نامەیەی كە (سەن پۆرۆ) بۆ خۆشەویستەكەی دەینووسێت و باسی ئەو شێوازی ژیانەی ناو ئەو شارانەی بۆ دەكات، كە چۆن پڕە لە ئاژاوەگەری و ژیان جەنجاڵە و كێشەی زۆر هەیە خەڵكی دژی یەک كاردەكەن خەڵكی هەوڵی بەدەست هێنانی ئامانجەكانی خۆیان دەدەن، كەسان و شتانی چواردەوریان بۆ گرنگ نییە. ئەمە نارەزاییە دەربارەی ئەو ژیانەی كە خەڵكی تێیدا دەژین، لە دوای سەرهەڵدانی شارستانیەت و تەكنەلۆژیا و مۆدێرنە. بیری مۆدێرنیتی لە بەرهەمەكانی ڕۆماننووسانی وەكو(جەیمس جۆیس، هێنری جەیمس، دەیڤد هێر، بەرت لارانس...هتد )دا؛ دەردەكەوێت.

مۆدێرنیتی بەهەمان شێوەی ڕۆژئاوا لە بەرهەمی ئەدەبی نووسەرانی ڕۆژهەڵاتیش ڕەنگی داوەتەوە.

ئەدەبی فارسی؛ یەكێكە لە یەكەمین ئەدەبیاتەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خاوەنی ناوبانگێكی زۆرە، ڕۆماننووسانی فارس گرنگیان بە مۆدێرنیتی داوە و لە بەرهەمەكانیاندا ڕەنگی داوەتەوە بۆ نموونە (سادق هیدایەت) نووسەری فارس لە ڕۆمانێكی بەناوی (كوندە پەپووی كوێر)، كە "نوێنەرایەتی ئەو دەستوور گەریيە دەكات، لە سەردەمی ڕەزا شا ئێران پێیدا تێدەپەڕی، كە لە زیندویەتی تا ناو گۆڕی دەبرد"[2]. ئەو گۆڕانكاریانەی ڕەزا شا كردی بووبە سەرچاوەی نەهامەتی بۆ بەشێكی زۆری كۆمەڵگەی ئێرانی. سادق هیدایەت دەیەوێت ئەو گۆڕانەكارییە كۆمەڵایەتییە مەترسیدارە دەربخات، كە لە ئەنجامی كرانەوەی ئێراندا بەڕووی ڕۆژئاوادا تووشی بووە، لەوانە بڵاوبوونەوەی مادەی هۆشبەر(تلیاک)، كە وا لە مرۆڤ دەكات هەست و هۆشی لە دەست بدات و هەموو ئەوەی كە هەیەتی بۆی دەكاتە قوربانی. مۆدێرنیتی لەوەوە بەدیار دەكەوێت كاتێک تاكەكان هەست بە خراپی ئەو مادەیە دەكەن بە چەندین شێواز هەوڵی لەناوبردنی دەدەن.

هەرچی دەربارەی سەرهەڵدانی بیری مۆدێرنیتەیە لە ئەدەبی كوردیدا لە سەرەتادا لە شیعردا دەركەوتووە، بەڵام لەبەرئەوەی ژانری ڕۆمان ژانرێكە تا ئەم ساڵانەی دوایی بەشێوەیەكی بەرچاو لە ئارادا نەبوو بەڵام لەساڵانی دوای نەوەدەكانەوە لەلایەن چەند ڕۆماننووسێكەوە بایەخی ئەم ژانرە زیاتر دەركەوت و بەختیار عەلی یەكێكە لەو ڕۆماننووسانەی، كە شێوازێكی جیاوازی بەكارهێناوە لە بەرهەمەكانیدا و دەرخەری بیری مۆدێرنیتەیە. هەرچی دەربارەی ڕۆمانە هەوڵدەدات زۆرترین زانیاری بە خوێنەر ببەخشێ لەسەر بابەتە جۆراوجۆرەكان بەشێوەیەكی هونەری و لە ڕێگەی كارەكتەرەكانی ناو ڕۆمانەكە بەردەوام لە هەوڵی ئاشكراكردنی نهێنیەكاندایە، هانی مرۆڤ دەدات بەدوای شتە گوماناوی و شاراوەكانی دەورووبەریاندا بگەڕێن و لە هەوڵی بەرەوپێشبردنی كۆمەڵگەكەیاندابن و هەوڵی بەدەست هێنانی ئازادی بدەن. بە هەمان شێوە مۆدێرنیتەش هەوڵی دروستكردنی گۆڕانكاری دەدات لە سەرجەم لایەنەكان و بابەتەكانی ژیاندا، هەوڵدەدات كۆمەڵگە لەو بارودۆخەی، كە بە سەریدا سەپێنراوە ئازاد بكات كار لەسەر خودی تاک دەكات بە ڕادەیەک لە ناخەوە ئامادەی دەكات بۆ بەگژداچونەوە و یاخیبوون دژی ئایدۆلۆژیای سەپێنراو، دژی هەموو جۆرە پیرۆزی و موقەدەسییەک، كە ڕێگرن لە بەردەم بەرەوپێشچونی كۆمەڵگە، كە ئازادییەكانی تاک سنووردار دەكەن.

كەواتە(ڕۆمان و مۆدێرنیتە) خاوەن هۆكاری هاوبەشن لە سەرهەڵداندا و خاوەن ئامانجی هاوبەشن لە كاركردندا؛ ئەمەش وادەكات پەیوەندیەكی توند لە نێوانیاندا پەیدابێت, مۆدێرنیتە كاریگەری لەسەر ڕۆماننووس دەكات و لەڕێگەی ڕۆمانەكەیەوە ئەو كاریگەریە دەگواسرێتەوە بۆ خوێنەر و لە هەڵسوكەوتی خوێنەردا ڕەنگ دەداتەوە.



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

بەشی دووەم:

تەوەری یەکەم: بەختیار عەلی و ڕۆمان

مۆتیف لە ڕۆمانی نەفرەتی نەوبەهاراندا:

لە ڕۆمانی نەفرەتی نەوبەهاراندا گرنگیەکی زۆر بە لایەنی فیکری دراوە دوو وشەی دیاری کردووەو لێکدانەوەیان بۆ دەکات لە ناو کۆمەڵگە و لە دیدی تاکەکانەوە ئەوانیش (وێنە و شەرەفە)، ئەم دوو وشەیە دوو مۆتیڤی سەرەکین لە تەواوی ڕۆمانی نەفرەتی نەوبەهاراندا، لە هەر دوانزە چیرۆکەکەیدا گرنگی زۆری پێداوە "دووبارە بونەوەی مۆتیف لە بەرهەمێکی دیاریکراودا، بەرهەمەکە بەرەو هاوئاهەنگی دەبات"[1]. لەم ڕۆمانە دوو مۆتیڤی وشەیی هەن کە گرنگیەکی زۆری پێدراوە زۆر دووبارەی کردوەتەوە بەڕادەیەک وێنەی (پێنج سەد و هەشتا و یەک )جار بەکارهێناوە، کە دەرئەنجامی گەشەی تەکنەلۆژیایە شتێکی تازەیە بۆ کۆمەڵگەیەکی سەرەتایی وەکو کۆمەڵگەی کوردی. هەروەها وشەی شەرەف یاخود نامووس (سەد و یانزە) جار بەکارهێناوە لە تەواوی ڕۆمانەکەدا. ئەم وشەیە پەیوەستە بە بیری کۆمەڵایەتی و خاوەن مێژوویەکی کۆنە و سەرچاوەی ترسێکی گەورەیە لای تەواوی کۆمەڵگە هەڵگری لێکدانەوەی جیاوازە، هۆکاری لەناو بردنی بەشێک لە تاکەکانی کۆمەڵگەیە.

شەرەف تەواوی تاکەکانی کۆمەڵگە و لایەنەکانی کۆمەڵگەی بە خۆیەوە گیرۆدە کردووە بەو واتایەی "شەرەف وەها دەبینرێت نیشتەجێی جەستەی ژنان بێت"[2]. کەواتە ئەوانەی دەبنە قوربانی ئەم وشەیە ڕەگەزی مێینەن. ئەمەش ئەوانە دەگرێتەوە کە "سنووری نەریتە کۆمەڵایەتیە کۆنەکان، کە بۆ ڕەفتاری مێینە بە پەسەند دانراون و دەبەزێنن بەوە تاوەنبار دەکرێن، کە شەرمەزاری بۆ خێزانەکانیان دەهێنن"[3]. واتا ڕەفتار و بیرکردنەوەکانی مێینە لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودایە، کە بەپێی رێککەوتنی کۆمەڵایەتی و لەلایەن پیاوانەوە بۆیان دەست نیشان کراوە. کاتێک ڕەفتارێك پێچەوانەی نەریتەکان ئەنجامدەدات. بە توندی لەسەری سزا دەدرێت. مەرج نییە ئەو کارانەی کە دەیکات خراپ بێت یاخود بەویستی خۆی ئەنجامی بدات. هەروەها دەکرێت بوترێت "شەرەف ئەو بۆمبە چێندراوەیە لە گەرووی تاکدایە، کە ئەگەری هەیە لە هەر کاتێکدا بێت بتەقێتەوە و تاکەکە خاپور بکات"[1]. ئەمە بەو واتایە دێت هیچ کەس پارێزراو نیە لە مەترسیەکانی شەرەف.

لە دنیای مۆدێرندا بەهۆی پێشکەوتنی شارستانیەت و گەشەکردنی تەکنەلۆژیا و گەیشتنی بە وڵاتی تازە پێگەیشتوو، نەبوونی شارەزاییەکی باش لەسەر بەکارهێنانی بە شێوەیەکی بەربڵاو لەلایەن تاکەکانەوە بەبێ ڕەچاوکردنی بارودۆخ، بووەتە سەرچاوەی مەترسییەکی گەورە بۆسەر ژیانی تاکەکان. بۆ نموونە کامێرا کە یەکێکە لە ئامێرە سادەکان بەهۆی خراپی بەکارهێنانی لەلایەن ئەو کۆمەڵگەیانەی خاوەن بیرێکی خێڵەکی دواکەوتوون و زۆر بە توندی پەیوەستن بە نەریتەکان و دەیپارێزن، گەر سەرنج ئەوە بدەین کە لە تەواوی ڕۆمانەکەدا وێنەیەک هەرایەکی گەورە دەنێتەوە لەبەرئەوەی پەیوەست کراوە بە شەرەفەوە ڕەنگە لە وڵاتێکی تری پێگەیشتوودا ئەو گرنکیەی نەبێت، کە ژیانی سەدان مرۆڤ بکات بە قوربانی. لە گەڵ ئەوەشدا وێنەکان بۆ پاراستنی جوانی و وەرگرتنی چێژ و مانەوە و پاراستنی مرۆڤەکان بەکاردەهێنرێت. هەروەها پەیوەندی بە بوونی مرۆڤەکانەوە هەیە، بەڵام بەداخەوە هەندێک کات" فۆتۆ چەکێکە دژ بە لەبیرچوونەوە"[2]. ئەو فۆتۆیەی کە (کامیل ئاغا) بۆ (گێلاس)ی هاوسەری دەگرێت، بە مەبەستی پاراستنی جوانی و یادەوەریەکانی و هێشتنەوەی (گێلاس)ە بە نەمری، دواتر دەبێتە هۆکاری مردن و لەناو چوونی خۆی. وەکو چەکێک بەرامبەر بە هەموو ئەوانە بەکاردەهێنرێت،

کە لێشی دەڕوانن. واتا بۆ هەموو شتێک بەکاردەهێنرێت بۆ پیشاندانی جوانی و چێژ نەبێت، سەرنج بدەین هەمووان لەهەر تەمەنێکدا بێت بەترسەوە لێیدەڕوانن، بەختیار لێرەدا لە ڕێگەی وێنەیەکەوە وێنەی ژیانی کۆمەڵایەتی تاکی کورد دەکێشێت، وێنەی بیری خێڵەکی و ئاینی و سیاسی و مێژوویی کورد دەردەخات.

گەر سەرنجێک لە بیری کارەکتەرەکانی ڕۆمانەکە بدەین دەبینین وەکویەك ترسیان لە وێنە و شەرەفە، لەبەرئەوەی هەموویان پەروەردەی یەک بیری خێڵەکین. (کامیل ئاغا) دوای ئەوەی وێنەکەی (گێلاس) لە (خەلیفە عیسا) وەردەگرێت و دەیسووتێنێت بۆ جارێکیتر لەلایەن (خانی زەرد)ەوە لە دژی بەکاردەهێنرێت، دەڵێت: "وێنەیەک با بیبات بە دەستی کورتی من ناگیرێتەوە... نامووسی خۆمم لە نامووسی نیشتیمان لا گرنگترە، شەرەفی هاوسەرەکەم لە شەرەفی ئەم میللەتە بێڕەحمە لا بەنرخترە"[1]. کامیل ئاغا لە سەرەتاوە دەیویست وەکو کەسێکی مۆدێرن بژی نەک کەسێکی نەریت پارێز بەڵام تێدەگات ئەو ناتوانێت لەناو میللەتێکی وەهادا بەدوای ئارەزووەکانی خۆیدا بگەڕێت لەو بیرە خێڵەکییەی هەیە ڕزگاری بێت. بۆیە بڕیار دەدات هەموو شتێک و کەسێک بکات بە قوربانی بۆ پاراستنی ناو و بانگی خۆی و خێزانەکەی.

دوای مردنی (کامیل ئاغا) براکانی (گێلاس) بەو وێنەیە دەزانن، کە وێنەی خوشکە تاقانەکەیانە و پیشتر گیراوە. ئەمە زۆر دەیان ترسێنێت و دەڵێن: "وێنەی وا وەک بەبوونی دێوێک وایە؛ دێوێکی زۆر ترسناک، کە ئەگەر جارێک بەر بوو بە هیچ ڕوحلەبەرێکی زیندوو ناگیرێتەوە"[2]. براکانی گێلاس هەمان ڕای کامیل ئاغایان هەبوو، کە ناتوانن بەر بە بڵاوبونەوەی وێنەکە بگرن. تاکی کۆمەڵگەی سەرەتایی ئەوەندە لاوازە، کە پارچە کاغەزێک کەس نازانێت پشتەکەی چیە دەکرێت لێیببێت بە دێوەزمە و ئەهریمەنێک، تەواوی ژیانی لەناو بەرێت. ئەوان بۆ پاراستنی شەرەف و نامووسیان هەموو کارێکیان دەکرد؛ چونکە ترسێکی زۆریلن خستبووە دڵیانەوە، (لوتفەدینی) برایان دەڵێت: "بۆ ئەوەی دڵنیابین کەس زەفەر بە شەرەف و نامووسمان نەبات، دەبێت بە جۆرێک لە جۆرەکان گێلاس بمرێنین... خۆمان ئەهلی ئەم شارەین و دابونەریتیان دەزانین، دەست بردن بۆ نامووسی ژنێکی مردوو لە عورف و عاداتی شارەکەدا نییە"[3]. کەواتە لەم کۆمەڵگەیەدا تاکە هۆکارێک تاکە پەناگەیەک مرۆڤ بیەوێت تێیدا ئاسودە بێت مردنە. ئەو نەریتەی کە هەیە و ئەو جۆرە لەبیرکردنەوەیەی کە تاکەکانی لەسەر پەروەردە کراوە دەست بۆ هەموو هەنگاوەکانی ژیانت دەبەن. مرۆڤ لەوساتەی لەدایک دەبێت تاوەکو دەمرێت ناتوانێت هەناسەیەکی ئارام بدات، نەریتەکان کۆتوبەندیان کردووە و تەنانەت دەتوانن زاڵبن بەسەر هەموو جۆرە خۆشەویستییەکدا و پەیوەندییەکان بەو شێوەیە ئاڕاستە بکەن کە دەیانەوێت بە ڕادەیەک مرۆڤەکان ناچار بکەن دەست بۆ هەموو کارێک بەرن لە لەناوبردنی ئازیزەکانیشیاندا سڵنەکەنەوە.

هەر تاکێکی کۆمەڵگە لەبری (کامیل ئاغا) و براکانی (گێلاس) بوایە، کە توانای بیرکردنەوەیان لە بازنەیەکی داخراودا تێپەڕناکات هەمان بڕیاریان دەدا. ڕۆژێک لەناو شاردا هەرایەکی گەورە دروست دەبێت، چەندین کەس لە وێنە گرێک کۆدەبنەوە و لێیدەن چونکە "لە جانتاکەیدا وێنەی ڕووتی ژنێکی ئێجگار جوان دەدۆزنەوە...خەیاڵیان بۆ ئەوە دەچێت، ئەم وێنەگرە هاتووە دزە بکاتە ناو گەرماوەکەوە تا لە کاتی خۆششتندا وێنەی ژنانی ڕووت بگرت...ئەوە تووشی هەستیارییەکی بە کۆمەڵیان دەکات"[1]. هەمووان دەکەونە یەک دۆخەوە چونکە جەستەی ژن موڵکی پیاوانە و بەو پەڕی تواناوایان بەرگری لێدەکەن. ئەوە پەیوەستە بە شەرەفیانەوە نابێت کەس بیبینێت و دەستی لێبدات، لەبەرئەوە ترسێکی گەورە بەرامبەر بە کامێرا و وێنە دەکەوێتە

دڵی تەواوی کۆمەڵگە و هەوڵی لەناوبردنی ئەو مەترسیە دەدەن و بە کۆمەڵ زۆر کات لە کاتێکی وەهادا پیاوانی ئاینی دەرفەتەکە بەهەل دەزانن و سوودی لێوەردەگرن بۆ دەرخستنی دەسەڵاتی خۆیان و ملکەچ کردنی تاکەکان بۆ ئەو بڕیارانەی، کە دەیدەن. چونکە وا خۆیا دەردەخەن کە لەپێناو بەرژەوەندی کۆمەڵگە بڕیار دەدەن وەکو ئەوەی، کە چۆن خەتیبی گەورەی شار بەشێوەیەکی زۆر توند وتارەکانی دادەڕێژێت و گەنجان هاندەدات دژی هەموو جۆرێک لە تازەگەری بن لەپێناو ناموس و شەرەفیاندا. خەتیبی گەورە لە ترسی لەدەستدانی هێز و پێگەی خۆی دەجەنگێ چونکە "لەمێژبوو لەو باوەڕەدا بوو دین لەسەر تاسەری دونیادا لە شەڕێکی ترسناکدایە لەگەڵ ئەم ئامێرە ترسناکانەدا...هەستی دەکرد پیاوانی ئاینی شەڕەکەیان دۆڕندووە"[2].

خەتیبی گەورە جەنگی دەسەڵاتی خۆی و هاوڕێکانی بە خەڵکی ئاسایی و نەریت پارێز دەکرد بەوەی بە گەشەکردنی ئامێرەکان و پێشکەوتنی کۆمەڵگە هەمووان شەرەفیان لە دەست دەدەن و دەچنە ژێر دەسەڵاتی داگیرکەران. تاکی کۆمەڵگەی سەرەتایی لەلایەنی ئاینی و لەلایەنی کۆمەڵایەتی و لەلایەنی سیاسیەوە فشاری لێدەکرا هیچ ئازادیەکی نەبوو. لێرەوە ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە بەشێک لە مامۆستایانی ئاینی هۆکاری چەسپاندنی ئەو نەریتە باوانەی کۆمەڵگە بوون لە کاتێکدا ئەیانزانی بەشێکی زۆری ئەو نەریتانە دژی ئازادی و مافەکانی مرۆڤ و ژنانە ئاین ڕەتیان دەکاتەوە. بەڵام بە هیچ شێوەیەک هەوڵی هۆشیاکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگەیان نەدەدا و نەوەکا ڕۆژێک لەم ڕێگەیەوە جۆرە ئازادیەک پەیدا ببێت و تاکەکان بەرامبەر بەرژەوەندیەکانی پیاوانی ئاینی بووەستنەوە.

بەشی دووەم:

تەوەری دووەم: ڕۆڵی مۆدێرنیتە لە چنینی ڕۆمانی نەفرەتی نەوبەهاراندا :

مۆدێرنیتە کارێکی وایکرد، کە تاکەکانی کۆمەڵگە تێڕوانینی جیاوازیان هەبێت و ئایدیای جیاواز سەریهەڵدا و هەریەک لە تاکەکان بەشێوەیەکی جیاواز لە هەوڵی تێپەڕاندنی ئەو دۆخەدا بوون کە کۆمەڵگە بەدەستیەوە دەیناڵاند، هەریەکە ڕێگای جیاوازیان بەکاردەهێنا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ڕووداوانەی، کە بۆیان دەهاتە پێش لە نەفرەتی نەوبەهاراندا (بەختیار عەلی) دەیەوێت لەڕێگەی کارەکتەرەکانەوە کۆمەڵێک بیری مۆدێرنیتی بەرامبەر بە ئاین و بیری خێڵەکی بخاتەڕوو، لەوانە (تۆڵەسەندنەوە، تۆقاندن، بەگژداچوونەوە، گەڕاندنەوە بۆ سروشت و...هتد). کاتێک کەسێک توندوتیژی بەرامبەر دەکرێت هەمووکات بەدوای هەلێکدا دەگەڕێت تاوەکو تۆڵەی خۆی بکاتەوە (گێلاس) وەکو ژنە ئاغایەک مامەڵە لەگەڵ خزمەتکارەکانی دەکرد زۆر جوان و مەکرباز و خۆ بە گەورەزان بوو زۆر خزمەتکارەکانی دەچەوسانەوە "ڕۆژێک وەها پەلاماری گوڵنازی ئیشکەری دا؛ ئیشکەرە بەستە زمانەکە کەوت و لێوی لە دوو جێگاوە قلیشاو ئازاری زۆر بە سینگی و پەراسووەکانی گەیشت"[1]. ئەو کارەی کە گێلاس بەرامبەر خزمەتکارەکانی دەیکرد کاری هەموو ژنە ئاغایەک بوو بەهۆی جیاوازی پلەی کۆمەڵایەتیان، ئەمەش وایدەکرد ڕەقێکی زۆر لە دڵیاندا بەرامبەر بە ئاغاکانیان و خێزانەکانیان دروست ببێت. دوای ئەوەی کە لەبری (گوڵناز) گورجی خوشکی دەست بە کارکردن دەکات لەماڵی (کامیل ئاغا) هەموو کات لە بیری تۆڵەکردنەوەی خوشکەکەیدا دەبێت و بۆ هەلێک دەگەڕێت ئەو وێنە ڕووتەی کە کامیل ئاغا لە گێلاسی خێزانی دەیگرێت لە پێناوی مانەوەی بەهەمیشەی لە بەرچاویدا کەدەرخەری بیرێکی مۆدێرنیتەیە، چونکە کارێکی وەها لەناو پیاوی کوردا ئەستەم بووە، لەبەرئەوەی جەستەی ژن لە کۆمەڵگەی کوردیدا پەیوەست بوو بە

(زاراوەی شەرەف) کە هەمیشە پیاوان ترسێکی گەورەیان بەرامبەری هەبووە. دوای ئەوەی گێلاس لە نەخۆشیەکەی چاک دەبێتەوە (کامیل ئاغا) تووشی دوژمنایەتی دەبێت و گورجی واز لە کارەکەی دەهێنێت. دوای ماوەیەک کە (خەلیفە عیسا)ی دوژمنی خەلیفە بە وێنەیەکی ڕووتی گێلاسەوە لەبەردەمیدا دەردەکەوێت. ئاغا شۆک دەبێت خەلیفە دەڵێت: "من وێنەکەم لە گورجی خزمەتکارت بە پارەیەکی زۆر کڕیوەتەوە"[1]. بیری مۆدێرنیتی دەربارەی جەستە و حەز و چێژ لای (کامیل ئاغا) هۆکاری لەناو بردنی بوو هەرخۆی نا بەڵکو خێزان و مناڵ و عەشرەت و هەموو ئەوانەی لە دەوری بوون. چونکە ڕادەی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو بیرە خێڵەکی و نەریتیە هەزاران ساڵ بوو لەبارەی جەستەی ژن و شەرەفەوە لەناو کۆمەڵگەدا ڕەگی داکوتابوو. کامیل ئاغا بە تەواوی شکست دەهێنێت و ملکەچی هەر داوایەک دەبێت، کە لێی دەکرێت لە پێناوی پاراستنی شەرەفیدا.

سەرهەڵدانی بیری مۆدێرنیتی لای کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکە، سەرچاوەی دروست بوونی چینێکی بەهێزە، چونکە هەمووان بە دوای چارەسەر و ڕووبەڕووبوونەوەی یەک بابەتدابوون ئەویش شەرەف بوو. ئەو کێشانەی کە بەوهۆیەوە دروست بوون هۆکاری دروستبوونی سەرجەم ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکەن. بێگومان لە ژیانی واقیعدا مرۆڤەکان بەدەست هەمان ڕووداوەوە دەناڵێنن. ڕۆماننووس بە شارەزاییەکی زۆرەوە چیرۆکەکانی نێو ڕۆمانەکەی، کە لە (دوانزە) چیرۆک پێکدێت پەیوەست دەکات بە یەکدی، کە هەموویان باس لە پرسی شەرەف دەکەن. ئەمەش بۆ دروستکردنی کۆمەڵێک گرێیە "هەر گرێیەک هۆکارێکی تایبەتی خۆی هەیە و هۆش و بیر دەنوێنێ"[2]. لێرەدا ئەو گرێیانەی کە چیرۆکەکەیان دروستکردووە ڕاستە هەموویان بۆ بابەتی شەرەف دەگەڕێنەوە، بەڵام چەندین ئەنجامی جیاواز دەدەن بە دەستەوە. بەڕادەیەک کە لە چیرۆکی یەکەم تا کۆتای چیرۆك سەرنجی خوێنەر بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت و خوێنەر لە خوێندنەوەی بێزار نابێت. ئەمەش بۆ شێوازی ئەو تەنکیانە دەگەڕێتەوە کە لە گێڕانەوەی چیرۆکەکاندا ڕۆمانووس بەکاری هێناوە هەروەك "هێزی گێڕانەوە...دەتوانێت گرێچنی چیرۆکی وروژێنەر و سەرنجڕاکێش بوونیاد بنێت، بەشێوەك کە سەرنجی خوێنەر بۆ لای خۆی ڕابکێشت"[3]. بەختیار عەلی بەشێوازێک ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە کە سەرنجی خوێنەر بە لای خۆیدا ڕادەکێشێت خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەی ڕۆمانەکەدا هیچ جۆرە بێزاریەکی بۆ دروست نابێت لە گەڵ ڕوداوەکاندا کارلێک دەکات و بەدوای ئەنجامەکاندا دەگەڕێ.

بۆ زیاتر جوڵاندنی بیری خوێنەر ڕۆماننووس کۆتایی چیرۆکەکان بە کراوەیی دەهێڵێتەوە. خاڵی کۆتایی دانانێت بۆئەوەی ئەو هەستەی، کە خوێنەر بەرامبەر بە ڕووداو و کارەکتەرەکان هەیەتی هەروا بمێنێتەوە.

(زیائەدینی برای گێلاس) خاوەن بیرێکی جیاوازە بەرامبەر بە شەرەف بە براکانی دەڵێت: "ئەگەر ئابرویشتان بچێت نامرن لانیکەم ژیانتان بۆ دەمێنێتەوە دەتوانن لە جێگایەکی تر بژین"[1]. ئەمە هیچ کاریگەری لەسەر بیرکردنەوەی براکانی نەبوو، (زیائەدین) بۆ پاراستنی جەستەی ئافرەتەکان و ناموسی پیاوەکان ڕێگایەکی جیاواز دەگرێتەبەر "زیا پلان بۆ دروستکردنی شارێک دەکێشێت، ماڵەکانی بێپەنجەرەبن و ژنەکانی بێناو و ڕووخسار ڕووبەند پۆش"[2]بن. ئەو کارەی کە (زیائەدین) بیری لێدەکردەوە شتێکی تازە بوو بۆ کۆمەڵگەی کوردی، چونکە هەم ماڵی کوردی کراوە بووە هەم ئافرەتی کورد پێشتر پەچەی نەپۆشیووە، بەڵام ئەو کارەی زیا ڕێگە چارە نەبوو بۆ ئەو گرفتانەی، کە کۆمەڵگە بەدەستیەوە دەیناڵاند. بەڵکو بۆ مەبەستی تایبەتی و خۆشاردنەوە و هەڵهاتن لە یاسا پشتی پێدە بەسترا.



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

(کەریم ئاغای برای کامیل ئاغا)، کاتێک دەزانێت کە هۆکاری مردنی براکەی و براژنەکەی لەناوچوونی بنەماڵەکەی خانی زەرد بوو، کە براکەی لەبەر پاراستنی شەرەفی ناچار دەبێت ملکەچی داواکەی بێت و دژی شۆڕشگێڕان بجەنگێت. لە سەرەتادا بیری تۆڵە کردنەوە دەکەوێتە سەری بەردەوام لەگەڵ دەرونی خۆیدا لە ململانێدا دەبێت "نا ئەوە کاری کەسێکی جوامێر نییە کچێکی بێخەتا بفڕێنێت و ئابرووی بەرێت، کچێک نازانێت کامیل ئاغا کێیە...نازانێت من کێم...نازانێت باوکی چی کردووە. ئەوە کاری جوامێران نییە"[3] هیچ ئازایەتی و گەورەییەک نییە، دەست بۆ کەسێک درێژ بکەیت و تۆڵەی لێبکەیتەوە لە کاتێکدا هیچ ئاگایەکی لەو زوڵمە نەبێت، کە لە تۆ کراوە دەبێت کاتێک مرۆڤ ڕووبەڕووی ڕووداوێک ببێتەوە بە دوای هۆکاری بنەڕەتی ڕووداوەکەدا بڕوات و ڕێگە چارەی کۆتایی بۆ بدۆزێتەوە، کەریم ئاغا دەزانێت بە ئازارگەیاندن بە کچی (خانی زەرد) کێشەکان چارەسەر نابن. بۆیە لە جەنگ لەگەڵ دەروونی خۆیدا سەردەکەوێت ئەو بیرە خێڵەکییەی لەناخیدایە دەیکوژێت، کە بەردەوام لە شێوەی پیاوێکدا دێتە لای و هانی دەدات بۆ تۆڵە کردنەوە "تا ئەو کاتە لە مەودای وانزیکەوە کەسی نەکوشتبوو. کەسێک لەپاڵ خۆیدا بێت و کەسێک هەناسەی دەچوو بە سەریدا و بە گوێیدا دەیچرپاند"[1]. قورسترین کارێک مرۆڤ بیکات زاڵبوونە بەسەر خودی خۆیدا، زاڵبون بەسەر ئەو نەریت و بیرکردنەوەیەی کە لەسەری پەروەردە کراوە. بۆیە لە هەموو مرۆڤەکان و لە کۆمەڵگە دوور دەکەوێتەوە ڕوودەکاتە سروشت ژیانی لەگەڵ ئاژەڵەکاندا بەسەر دەبات. تاکە ڕستەیەک کە لەسەر زاری بووە بەردەوام ئەوە بوو کە "لێرەدا دوورم لە بێشەرەفەکان"[2]. شەرەف بەو مانایە نایەت کە لە بیری هەر تاکێکی کورددا هەیە و پەیوەستە بە جەستەی مرۆڤەکانەوە، بەڵکو کەریم ئاغا تێڕوانینێکی جیاوازی دەربارەی شەرەف هەبوو. وەکو ئەوەی دەڵێت: (بەبێ ئازادی شەرەف بوونی نییە"[3]. شەرەف پەیوەست دەکات بە ئازادی لەو باوەڕەدایە کە مرۆڤەکان کاتێک شەرەفیان هەیە، کە ئازادبن تا ئەو کاتەی کۆیلەی نەریت و بیری خێڵەکیبن لە کەسانێکی بێشەرەفن، ئەمەش ئەوە دەخاتەڕوو، کە ئازادی یەکێکە لە پێدراوەکانی سەردەمی مۆدێرن و هەوڵدانە بۆ نۆژەنکردنەوەی هەستی مۆدێرنیتە لە پەروەردەی تاکەکاندا.

ئەنجام

١. زاراوەی مۆدێرنیتە بە پلەی یەکەم کاریگەری لەسەر کەسانی ڕۆشنبیری ناو کۆمەڵگە هەیە، ئەم کاریگەرییەش لە بەرهەمەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە، کە لە ڕێگەیەوە هەوڵی گەیاندنی زانیاری و گۆڕانکاری بنەڕەتیان داوە.

٢-مۆدێرنیتە و ڕۆمان لە هەوڵی بەدەست هێنانی یەک ئامانجدان، ئەویش دروستکردنی گۆڕانکاری و بەرەو پێشبردنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە.

٣-شەرەف مەترسیەکی گەورەیە لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگە و ڕەنگدانەوەی هەیە لە بیری نەریتی کۆمەڵگەی کوردیدا.

٤- لە ڕۆمانی نەفەرەتی نەوبەهاراندا ئەوە دەردەکەوێت، کە کۆمەڵگەی کوردی ترسێکی زۆری هەیە بەرامبەر سەرهەڵدانی بیری مۆدێرنیتە.



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

**پەراوێز**

1. ئیسماعیل ئیسماعیل زادە، پرسەکانی مۆدێرنیزم، چاپخانەی هاوسەر، هەولێر، ۲۰۰۹، ل٦١
2. ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل، فەلسەفەی مۆدێرنیتی، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، چاپی یەکەم، ۲۰۲۳، ل١٢
3. ئیسماعیل ڕەسوڵ ئیسماعیل، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٩
4. د. هاشم ئەحمەد زادە، جیهانی ڕۆمان، چاپخانەی پەنجەرە، چاپی یەکەم، ۲۰۱٥، ل١٥٨
1. کاررزان کاوێز و ئەوانی تر، مۆدێرنیزم، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ۲۰۱۸، ل٧٢
2. ئیسماعیل ڕەسوڵ ئیسماعیل، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٨
3. پیتەر چایڵدز، وەرگێرانی: هیوا عەزیزی، مۆدێرنیزم، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ۲۰۱۹، ل٤٤
4. ئیسماعیل ڕەسوڵ ئیسماعیل، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٢
1. هەرێم عوسمان مەعروف، لیریکی گۆران لە ڕوانگەی بونیات گەریی کراوە و تەواو کارامە، کۆلێژی زمان، زانکۆیی سلێمانی، نامەی ماستەر، ۲۰۱۷، ل٣٣-٣٤
1. عەلی عوسمان یاقوب، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٧٥.
2. ئیدریس شێخ شەرەفی، عەقڵ و ئازادی، چاپی یەکەم، چاپخانەی مناره، هەولێر، ۲۰۰۷، ل٧
3. شاسوار کەمال مەحمود، ئامانجی فەلسەفە جوانکردنی ژیانە، چاپخانەی حەمدی، ۲۰۱٦، ل٢٤٨
1. سەرکەوت عومەر ئیبراهیم، ململانێی کەسێتیکان لە ڕۆمانی(حسێن عارف)دا، کۆلێژی زمان، زانکۆی کۆیە، نامەی ماستەر، ۲۰۰۸، ل٣٤
1. عوسمان پیربال، عەقڵ گەرای، ماڵپەڕی 4کورد، ١٨ئازاری ۲۰۱۸، بڕوانە لینکی ماڵپەڕەکە: F،https://shorturl.at/QTu
2. بوشرا قادر کاکە محەمەد، ئێستاتیکای گێڕانەوە لە ئەدەبی کوردیدا، کۆلێژی زمان، بەشی زمانی کوردی، زانکۆی سلیمانی، نامەی دکتورا، ۲۰۲۲، ل٢٥٥
3. بوشرا قادر کاکە محەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٣
4. کەمال سەعدی مستەفا، ڕۆمان و نهێنیەکانی ڕۆماننووس، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ۲۰۲٤، ل٣٢
1. مارشاڵ بێرمەن، وەرگێرانی: مەنسور تەیفووری، ئەزمونی مۆدێرنیتی، چاپی یەکەم، چاپخانەی مناره، هەولێر، ۲۰۰۷، ل٣٤
2. ئەمیر عەزیمی و دیگران، سیاست و پیامدهای چهره ژانوسی مدرنیته در ادبیات معاصر عراق با تکیه بر حقوق بین الملل(مطالعه موردای: کاظم السماوی و شیرکو بی کس) مجلة پژوهشنامه ادبیات کردی، شماره١، تابستان١٤٠٢، ص ١١
1. بوشرا قادر کاکە حەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٤
2. ئەنوەر قادر، شەرەف، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ۲۰۱۱، ل٩
3. ئەنوەر قادر، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠١
1. ئیسماعیل ڕەسوڵ ئیسماعیل، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٣

2. ئیسماعیل ڕەسوڵ ئیسماعیل، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨١
1. بەختیار عەلی، نەفرەتی نەوبەهاران، چاپی یەکەم، ناوەندی ڕۆشنبیری ڕەهەند، سلێمانی، ٢٠٢٤، ل٤٣
2. بەختیار عەلی، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٨
3. بەختیار عەلی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٦٢
1. بەختیار عەلی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٧٢
2. بەختیار عەلی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٧٨
1. بەختیار عەلی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٢
1. بەختیار عەلی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢١
2. حەمە کەریم عارف، دەربارەی چیرۆک و ڕۆمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئارابخا، ٢٠٠٨، ل٤٩
3. کەمال سەعدی مستەفا، سەرچاوەی پێشوو، ل٩
1. بەختیار عەلی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٥
2. بەختیار عەلی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٠
3. بەختیار عەلی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٦
1. بەختیار عەلی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٤
2. بەختیار عەلی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٥١
3. بەختیار عەلی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٢

سەرچاوەکان:

أ. کتێبەکان:

١. ئەنوەر قادر، شەرەف، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١١

٢. ئیدریس شێخ شەرەفی، عەقڵ و ئازادی، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٧

٣. ئیسماعیل ئیسماعیل زادە، پرسەکانی مۆدێرنیزم، چاپخانەی هاوسەر، هەولێر، ٢٠٠٩

٤. بەختیار عەلی، نەفرەتی نەوبەهاران، چاپی یەکەم، ناوەندی رۆشنبیری رەهەند، سلێمانی، ٢٠٢٤

٥. پیتەر چایڵدز، وەرگێڕانی: هیوا عەزیزی، مۆدێرنیزم، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٩

٦. حەمە کەریم عارف، دەربارەی چیرۆک و رۆمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئارابخا، ٢٠٠٨

٧. د. هاشم ئەحمەد زادە، جیهانی رۆمان، چاپخانەی پەنجەرە، چاپی یەکەم، ٢٠١٥

٨. رێبین رەسوڵ ئیسماعیل، فەلسەفەی مۆدێرنیتی، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، چاپی یەکەم، ٢٠٢٣

٩. شاسوار کەمال مەحمود، ئامانجی فەلسەفە جوانکردنی ژیانە، چاپخانەی حەمدی، ٢٠١٦

١٠. کارزان کاوێز و ئەوانی تر، مۆدێرنیزم، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٨

کەمال سەعدی مستەفا، رۆمان و نهێنیەکانی رۆماننووس، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠٢٤

١١. مارشاڵ بێرمەن، وەرگێڕانی: مەنسور تەیفووری، ئەزمونی مۆدێرنیتی، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٧

ب. نامەکانی ماستەر و تێزەکانی دکتۆرا:

١. بوشرا قادر کاکە محەمەد، ئێستاتیکای گێڕانەوە لە ئەدەبی کوردیدا، کۆلێژی زمان، بەشی زمانی کوردی، زانکۆی سلیمانی، نامەی دکتۆرا، ٢٠٢٢

٢. سەرکەوت عومەر ئیبراهیم، ململانێی کەسێتێکان لە رۆمانی(حسێن عارف)دا، کۆلێژی زمان، زانکۆی کۆیە، نامەی ماستەر، ٢٠٠٨

٣. هەرێم عوسمان مەعروف، لیریکی گۆران لە روانگەی بونیات گەریی کراوە و تەواو کارامە، کۆلێژی زمان، زانکۆیی سلێمانی، نامەی ماستەر، ٢٠١٧

ت. گۆڤارەکان:

١. ئەمیر عەزیمی و دیگران، سیاست و پیامدهای چهره ژانوسی مدرنیته در ادبیات معاصر عراق با تکیه بر حقوق بین الملل(مطالعه موردی: کاظم السماوی و شیرکو بی کس) مجلة پژوهشنامه ادبیات کردی، شماره١، تابستان١٤٠٢

پ. سایت و ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێت:

١. عوسمان پیرباڵ، عەقڵ گەرای، ماڵپەری 4کورد، ١٨ئازاری ٢٠١٨، لینکی ماڵپەڕەکە:

https://shorturl.at/QTu٠F

Sources:

a. Books:

1. Anwar Qadir, Sharaf, 1st edition, Aras Printing House, Erbil,

2. Idris Sheikh Sharafi, Reason and Freedom, First Edition, Minara Printing House, Erbil,

3. Ismail Ismailzadeh, Issues of Modernism, Hawsar Printing House, Erbil,

4. Bakhtiar Ali, Nefrati Nawbaharan, 1st edition, Rahand Cultural Center, Sulaimani,

5. Peter Childs, translated by: Hiwa Azizi, Modernism, first edition, Sardam Printing House, Sulaimani,

6. Hama Karim Arif, About Stories and Novels, 1st Edition, Arabkha Printing House,

7. Dr. Hashim Ahmadzadeh, World of Novel, Panjara Printing House, 1st Edition,

8. Rebin Rasul Ismail, Philosophy of Modernity, Sardam Printing House, Sulaimani, 1st Edition,

9. Shaswar Kamal Mahmoud, The Aim of Philosophy is to Beautify Life, Hamdi Printing House,

10. Karzan Kawez and others, Modernism, Hamdi Printing House, Sulaimani,

Kamal Saadi Mustafa, Novel and Secrets of the Novelist, First Edition, Hevi Printing House, Erbil,

11. Marshall Berman, translated by Mansour Tayfouri, Experience of Modernity, first edition, Minara Printing House, Erbil,

b. Master's and PhD theses:

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

1. Bushra Qadir Kaka Mohammed, Aesthetics of Narrative in Kurdish Literature, College of Language, Department of Kurdish Language, Sulaimani University, PhD thesis,

2. Sarkawt Omar Ibrahim, Conflict of Personalities in Hussein Arif's Novel, College of Language, Koya University, Master's Thesis,

3. Harem Osman Ma'roof, Goran Lyrics from an Open and Fully Efficient Constructivist Perspective, College of Language, Sulaimani University, Master's Thesis,

t. Magazines:

1. Amir Azim et al., Politics and Messages of Modernity in Contemporary Iraqi Literature with Reference to International Law (Study by Moradi: Kazem Al-Samawi and Shirko Biks), Kurdish Literary Research Journal, No. 1, Tabstan 1402

Q. Internet sites and websites:

1. Osman Pirbal, Aql Garay, 4Kurd website, 18 March 2018, website link:

https://shorturl.at/QTu0F